# کۆمۆنیزمی کرێکاریی ڕەمزی درۆ و بێ پرەنسیپیی سیاسییە

خەتاب سابیر
khatabs@hotmail.com

لە ڕۆژی 30-06-2004 ، لە سایتی کوردستانپۆستدا چاوپێکەوتنێکم لەگەڵدا کرا سەبارەت بەوەزعی سیاسیی کوردستان و عێراق ... لەوەڵامی دوو پرسیاردا، کەوتبوومە ویژەی لامپوونە (Lampoon) سیاسییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ، لەو دوو وەڵامەدا ئەوەی پێیان نەکرابێت پێمکردن . سەرئەنجام پیاوێکی ناوبزریان بەناوی عومەری خەتات، دەروێشێکی تەریقەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی خۆی کردە خەسارەو و هاتە وەڵام، لەبری مەکتەبی سیاسیە فاشیلەکەی کەوتووەتە شیرو تیر وەشاندن و تەحەدام دەکات و پێم دەڵێ: ئەگەر درۆزن نیت ناوی کابرا بڵێ ؟! ئەم کاک عومەرە کە ڕۆژێ لەڕۆژان عەریزەیەکیشی نەنووسیوە، لە ژیانیدا ڕەنگە ئەمە یەکەمین شاکار و یەکەمین مەلۆتکەی خۆنمایشکردنی بێت.
عومەری خەتات چۆن لەخۆیەوە خۆی خستووەتە ئەم گێژاوەوە، من لەم کاک عومەرە دەپرسم ، ئایا تۆ هیچ دەزانی لەسەر پەیوەندی من و حیزبەکەت، ئەگەر دەزانی و بۆیان باسکردوویتە ئەوە خۆت بەرپرسیاری لە هەرچییەک کە بەدوای ئەم باسانەدا دێت ، بەڵام ئەگەر نازانی ئەوە دەبێ تەشریف بفەرمووی و لە مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەت بپرسی کە پێشتر چیم بۆ نووسیون و چۆن بێدەنگیان هەڵبژارد. کاک عومەر گیان: من حیزبەکەت دەناسم و سایکۆلۆژیەتی تاک تاکی کادرەکانتان شیتەڵ و تیتەڵ دەکەم. مەکتەبی سیاسیی، یان هەرکەسێک ڕایسپاردوویتە، هەڵەیەکی زۆر گەورەت لەژیانتا کردووەو باجەکەشی خۆت و حیزب دەیدەنەوە .

من گلەییەکی ئەوتۆ لە عومەری خەتات ناکەم، خەتاکە بە خەتای مەکتەبی سیاسیی حککع و ئەو کادرانە دەزانم کە ئۆمەر و جەمال و قابیل وهابیل دەکەن بەدەمە شۆفڵ و بەو زمانە بازاڕیی و بێ پرەنسیپییەوە دەیانخەنە مەزادخانەی نووسینەوە بۆ شکاندنی کەسانی نەیاری حیزب. چونکە ئەوە عەقڵییەتی بڵندی ئەو حیزبەیە کە ئەم بۆرە پیاوانە دەرەتێنێ بۆ تێرۆرکردنی خەڵکانی تر. جا ئەوەی عومەر چۆن ئاوا لەپرێکدا هەڵتۆقی و دانی بەخۆیدا نەگرت و لەسایتی دەنگەکانەوە ، بەمن دەڵێ درۆزن، بەعسیی ، ڕاسیست ،فاشیست؟ ئەوە بابەتێکە پێت بەپێتی لێیان دەپێچمەوە .ئەم کۆمۆنیستە گومرایانە گەلەکۆمێ لە من دەکەن ، ئاخر خۆ خەتاب سابیر، نە ئیمپریالیزمی ئەمریکایەو نە سەرمایەداری دەوڵەتییە! تا بتانەوێ پۆتی بشکێنن.

سەیرکەن خۆیان، سایتیان هەیە چوار شەریف ڕوویان تێناکەن ، ئەم هەموو تانەوتەشەرە لە سایتە کزۆڵەکەی خۆیانەوە ناکەن ،بۆیە پەنا بۆ دەنگەکان دەهێنن . ئاخۆ ئەسحابەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ،گومناوترین تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان! ، پێتان وایە هەروا ئاسانە بەخەڵک بڵێن درۆزن و بەعسی و ڕاسیست وفاشیست ، باشە ئەم حیزبە ئەگەر لە پشت ئەم قسە بێ مانایانەی عومەرەوە نییە، ئەوە 6 ڕۆژە تا کاتی نووسینی ئەمە ، بۆ کەسێکیان نەهات شتێ بنووسێ ،یان لای کەم وا بیربکاتەوە و بڵێ ئەم عومەرە قسەی خراپی کردووەو بەسەر حیزبدا دەشکێتەوە، بەداخەوە پاش وەرگرتنی ناوەڕۆکی ئەم نامەیە کە خۆم بۆم ناردن ،کەوتنەوە قسەی بێ سەروبەرتر لە پێشوو. باشە عومەرو حیزبەکەی ئەوەندە ژیر نین ، تابڵێن بابەگیان سا ئەوە حیزبە ، خەتلاریشی تیایەو دزو چەتەشی تیایە و بۆی هەیە ئینسانکوژیشی تیابێ، کە بێ گومان تیایدا هەیە ،چ جای ئەوەی بە نوێژکەرێکی هەلپەرست دەگات. بەڵام چونکە ئەمان بە ڕەهایی بیر دەکەنەوە ، ئیتر دەبێ هەموو حیزبییەک نموونەیی بێت ، ئێستاش کەمن پێیان دەڵێم درۆزن لە خۆڕایی و لە ڕقو کینەدا پێیان ناڵێم .. لە درێژەی ئەم نووسینەدا کە بەزنجیرە دەینووسم بۆ خوێنەری ئازیزی ڕوون دەکەمەوە ، ئایا من درۆزن و بەعسیی و فاشسیست و ڕاسیستم یان سەفسەتەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و کادرەکانیان!.

عومەری خەتات بەو زمانە پاراوەیەوە! هاتووەتە شەڕێکەوە هەر لە سەرەتاوە خۆی و حیزبەکەی دۆڕاون.. ئاخر برای حیکمەتیستی ، تۆ بەچیتەوە هاتوویت ئەم شەڕە بۆ حیزبێک دەکەی لەکولەکەی تەریشدا حیساب وکیتابی

لەگەڵدا ناکرێ، ئەگەر دووانی وەکو من بەسەریان نەکەنەوە!، ئەویش بۆ ڕسواکردنی سیاسەتە شۆڤینیستییەکانیان دەرهەق بەگەلی کورد ،بۆ کەشفکردنی دەستی خیانەتیان لەهەمبەر شاری کەرکوک و مەسەلەی حەقیرترین سیاسەتی بەعس کە پاکتاوکردنی نەژادیی و تەعریبە ،نەخاسمە بۆ سەنگیان. کێ هەیە ئەمانەی بەخەیاڵدا بێت و ئاوڕێکیان لێ بداتەوە؟ . من بەم حیزبەم گووتوە شۆڤینیست لە سیاسەتەکانیدا، کە چەند دژی کورد و بزوتنەوە ڕەواکەین ،عومەری خۆشنوسیش وەکو شەڕە منداڵ هاتووە چاوقایمانە ئەوەی من بە حیزبەکەیم گووتوە پێم دەفرۆشێتەوەو دەڵێ فاشیست!، ئاخر بێ سەوادیی بەو ڕادەیە، هەموو خەڵکی کوردستان بە ئێوە دەڵێ مەشبووهو پیاوی ئەملاولا، یەک حیزب ویەک کۆڕوکۆمەڵ، سەروسەکوتی ئێوەی ناوێ ، ئێوەش دێن دەستە چەورەکەی خۆتان بەسەر خەڵکی تردا دێنن !.

ئەم گرووپە سەرگەردانە کە بەس لەکۆمۆنیست ناچن و لەهەموو شتێکی تر دەچن، هەموویان داشی مەنسوری حیکمەت بوون و زۆربەی نووسینەکانی مەنسوریش بریتیە لە پلەیجەریزم (plagiarism) کە بەمانای دزیکردن لە ئەدەب و نووسیندا دێت ، ئەم کادرە بێ مەعریفانەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی کە خۆیان هیچیان پێ نییە، لەوە زیاتر مەنسوری حیکمەت بۆی قایمکردوون، وەکو تووتی هەر ئەوانە دەڵێنەوە کە ئەو نووسیویەتی، مەنسور کە سیاسییەکی شارەزا بوو، کەسێک بوو هەمیشە قسەی خۆی هەبوو ، بەردەوامیش شتی نوێی دەخوێندەوە، بەڵام بەداخەوە دەڵێم زۆربەی شتەکانی ئەویش بەدزێتی لێرە و لەوێ پەیدای کردبوو ، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەهیچ سەرچاوەیەک بکات... ڕەزای موقەدەم و ئیرەجی ئازەرین و کۆنە هاوڕێکانی تری زۆریان ئاشکرا کرد ، لێرەدا منیش دانەیەکی تر لەو دزیانە ئاشکرا دەکەم .

ئەوەی کە دەڵێ بناغەی سۆشیالیزم ئینسانە... ئەم قسەیە کە مەنسور کردوویەتی بە هی خۆی ، دزییەکی ئاشکرایەو لە فەلسەفەی کۆنی گریکییەوە دزراوە . سۆفستائییەکان یەکەمین بیریاران بوون کە ئەم بۆچوونەیان چەوڕێژ کردووە، ( مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە )***. لە بیروبۆچوونی سەرەکی سۆفستائییەکانە و دواتریش هەر لەم ڕوانگە گشتییەوە بوو ،سۆفستائییەکان مرۆڤیان بە داڕێژەری ئەو بۆچوونە وێناکرد کە بناغەی ژیانێکی عادیلانەیە لە سەردەمی ئاینی گریکە کۆنەکاندا ،بەڵام مەنسور زۆر زیرەکانە هاتووە ، وشەیەکی هاوواتای داناوەو کردوویەتی بە بیرو مەغزای فیکریی خۆی... هەروەک چۆن باسەکانی لە سەر بلۆکی ڕۆژهەڵات و سەرمایەدارییە دەوڵەتییەکەی کە دەیویست بیکات بە موڵکی فیکریی خۆی، لە لیۆن ترۆتسکییەوە دزیوەو،ئیلهامیشی لە تۆنی کلیفەوە وەرگرتووە بۆ تێئۆریزەکردنی سەرمایەداریی دەوڵەتیی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا .

ئەم کۆمۆنیستە بەگزادانە ، وەکو بەعس بیر دەکەنەوە ، هەرکەسێ ڕەخنەیان لێ بگرێ بەزمانەکەی عودەی و عەلی کیمیاوی وەڵامی دەدەنەوە،چونکە ئەندامانی ئەم حیزبە موبادەرەی جوێندانیان دەستپێکردووە، تاوانەکە لای خۆیانەوە سەرچاوەی گرتووەو دەشبێ خۆیان ئامادەبکەن کە چیان پێ دەگوترێتەوە .ئەی باشە خۆ من چیم بە یەکێتی و پارتی و سەرکردەکانیان نەگوتووە ، ئەی بۆکەسێکیان نەهاتە وەڵام بەم شێوە بازاڕییەی حککع . ئەی بۆ چەندین کەسیان لەڕێکخستن و ڕێکخراوەکانیان دەستخۆشیان لێکردم ، خۆ ئەگەر مەسەلە وەڵام بێت، هەزاران جار لەئێوە قەڵەمبەدەستیان زیاترە، لەئێوەش شارەزاترو وریاترن ، لەئێوەش ئازاترو کارامەترو موخابەراتیترن، ئەوەتا مام جەلال لەژێر گوشاری ئەو هەموو ڕەخنەیەی لێی گیراوە لە سایتە کوردییەکانەوە تەنها ئەوەندە دەڵێ کە ( هەندێ کەس لەدووری وڵاتەوە بۆ خۆیان دانیشتوون و دەڵێن کورد هیچی دەست نەکەوتووە.. )### ، ئەمە ڕێک ئەو گوشارەیە کە سایتە کوردییەکان کردوویانەتە سەر شەخسی مام جەلال،بەڵام ناچێ قسەی بازاڕیی بکات وەکو کۆمۆنیزمی کرێکاریی . بەڵێ ئەم کۆمۆنیستە بێ عەیارانە دەیانەوێ کەلتووری بەعسیزم بۆ بەگژاچوونەوەی نەیارەکانیان بگرنە بەر، بۆ جارێکیش لە خۆیان نەپرسی ئەم زمانە بازاڕییەی نووسینی ئەوان زۆر ناشییەو تەنها لای ئەوانی بێ مۆراڵی سیاسیی هەیە .بەڵام ئەم هەراو هوریایەیان لەگەڵ هەرکەسێکدا بۆ چووبێتە سەر،ئەمجارە ناهێڵم بەسەریانەوە بروات . ئەگەر ئەوان بەخەڵک دەڵێن بەعسیی ، دەشبێ ئەوەش قبوڵ بفەرمون کە بەعسییەکان زۆر لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی نەجیبترن ، لای کەم ئەوان بەئاشکرا ، کوردیان ژاربارانکرد، کوردیان ئەنفالکرد و کردیان بە قورگی ئومەی عەرەبی مەجیددا ، بەئاشکرا گوتیان کورد قڕدەکەین، بەڵام ئەم کۆمۆنیزمە تەحریفییە،

لەپاڵ خەباتی چینایەتی و کاپیتالی مارکسەوە ، گەورەترین خزمەت بە شۆڤینیزمی عەرەب و هەموو نەتەوە سەردەستەکانی تر دەگەیەنن کە بوونەتە برا گەورەی کوردو دەیان ساڵە نەتەوە سەردەستەکان و حکومەتە شۆڤینیستەکانیان خەریکی سڕینەوە ناسنامەی کوردن .

ماوەیەک لەمەوبەر ئەحمەد موعین ، وتارێکی لەسەر سیاسەتە سەقەتەکانیان نووسی و ڕەخنەی سیاسیی لە حیزبەکەیان گرتبوو، مەکتەبی سیاسییەکەی عومەری خەتات ، ئاگری تێ بەربوو، دەیان تەلەفۆنیان بۆیەکتر کردو چەندین قسەوباسیان لەسەرکرد و سەرئەنجام حیزب هات پیاوێکی وەکو جەبار موحسینی ڕاسپارد و وەڵامی ئەحمەد موعینی دایەوە بەم شێوەیە ناوی دەهێنێ، (کەسێک بەناوی ئەحمەد موعینەوە..... هتد). ئەم هوتافکێشانە ئەگەر تۆزێک ویژدانیان هەبێ، نابێ بزانن کە کەس نییە لەچەپ و ڕاستدا ئەحمەد موعین نەناسێ، حیزبەکەیان ئەو ژەکی کردە دەمییەوەو ماوەیەکی زۆر مەکتەبی سیاسیی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیان بوو. سەرەڕای ئەوەی بۆچوونی سیاسیم لەگەڵ ئەحمەددا زۆر لێک جودایە، بەڵام بەڕاستی ئەو پیاوە بە ئەندازەی تەلی سەری هەموو مەکتەب سیاسییەکەی حککع کتێبی خوێندووەتەوەو مەعریفەی سیاسیی پێیە تا کەسێکی وەکو جەبار موحسین کە داڕشتنێک نازانێ بنووسێ لەسەر کۆمۆنیزم ، کەچی دێت و دەڵێ کەسێک بەناوی ئەحمەد موعین... ئەمەتان بۆ ئەوە کرد کە بەخەڵک بڵێن ئەو زاتە ناناسرێ لە کۆمەڵدا .. بەڵام جەبار موحسین ئێستاشی لەگەڵدا بێت خۆیشی نەیزانی چی دەڵێ و بۆ کێ قسە دەکات، ئەو چونکە مەئمورێکی مەکتەبی سیاسییەکەی بوو لەسەری بوو ئەو قسانە بکات و هیچی تر...

پێشتر لە نووسینێکدا بە ئیمەیلێکی تایبەت بە زۆربەی مەکتەب سیاسییەکانیانم ڕاگەیاند ئەگەر قسەی سیاسیتان پێ نییە، پەنا مەبەنە بەر تەشهیرکردن و سوکایەتیکردن. هەروەکو لەوەڵامی وتارەکەی مندا لەژێر ناوی کۆمۆنیزمی کرێکاریی لەکەرکوکدا بەردیش دەهێنێتە گۆ ، عەبدوڵا مەحمود هاتە گۆ و کەوتبووە قسەبزڕکاندن . پێم گوتن ئەگەریش ئەم سوکایەتییە بە مەبەستەوە دەکەن ،ئەوا بەئاشکرا بیڵێن ،ئەوسا منیش ئەوەی لەژێر بەڕەدایە دەیهێنمە سەر بەڕەو لە ئەوروپاو کوردستانیشدا ڕسواتان دەکەم... نقە لە بەردەوە هات لەوانە نەهات...بۆیە ئەمجارە ، ڕوو بەخەڵک ،بۆ دواجار هۆشداری ئەوەیان دەدەمێ ، ئەمە دواهەمین جارە پێیان دەڵێم ، چیتر زگم( سکم) ناکەمە عەمباری کۆمۆنیزمی کرێکاریی و دەیانکەم بەو فیلمەی کە کەس نازانێ کۆتاییەکەی چی دەبێت...

من پاش باسکردنی ئەم بابەتە لەگەڵ چەندین برادەرو دۆستدا ، کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەو ئاستە لە نزمیی و زەبوونی ، یان وەکو خۆیان دەڵێن هیستریاوی هاتووەتە وەڵام و جوێندان ،کەمێک موراعاتی گرفتە دەروونییەکانیان دەکەم و گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە ناکرێ لە بەر هەندێ ئیعتیباراتی ئینسانیی و سیاسیی و ئەخلاقیی ناوی تەواوی ئەو کەسە نوێژکەرە بۆ خوێنەر ئاشکرا بکەم لە ئێستادا، بەخۆیانم گوتووە و لەمنیش باشتر دەزانن کێیە، چونکە ئەگەر بە حیکمەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بکەم ،ئیشەکەم دەبێتە کاری موخابەراتیی ، ناو هێنانی ئەو شەخسەس کێشەی تایبەتی بۆ ئەو دروست دەکات ، بەڵام لەبری ئەوە من ناوی تەنها بەیەکەم پیت دەهێنم و ئەوان خۆیان لەفیکەی خۆیان دەمێکە تێگەیشتوونە، ئەو شەخسەی بەجەماعەت نوێژی کردووە، ناوی مامۆستا ( ت ) ە. هەروەها من تەلەفۆنی خۆم دەنووسم لە خوارەوە ، هەرکەس خوازیارە تەلەفۆن بکات پێی دەڵێم کە فلان کەس کێیە بەناوی تەواوی خۆیەوە ،تەنانەت بەو ناوەشەوە کە خۆی پێ ناساندووەو فەلسەفەی کۆمۆنیزمە بۆرژوازییەکەی پێوە لێدەدات جگە لە ناوی شارو وڵاتەکەی کە لێی دادەنیشێ ،هەروەها پێنج تەلەفۆنی کوردستانیشی دەدەمێ کە گەواهی ئەوە دەدەن و بەچاوی خۆیان بینیویانە کە چۆن وەهابیانە ! سەلەفیانە دەستی خستوەتە سەر کەمەری چەپی و نوێژی خودایی کردووە، ئەمە جگە لەوەی مام ( ع) بەئاشکرا نوێژی دەکرد و سەری بچووایە نوێژی ناچوو کە ئەندامێکی چالاکیشیان بوو .

بەڵام من بۆ دواجار بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەڵێم ئەگەر ئەمانەی خوارەوە وانییە و کەسێکی قارەمان و چاونەترس جورئەت دەکات بڵێ وانییەو پێم بڵێ تۆ درۆزنی و شتمان بۆ هەڵدەبەستی ،ئەوا منیش ئەوسا هیچی تیا ناهێڵمەوەو تەقە لەبنی هەمانەکە دەهێنم و ئۆباڵی هەمووشی لەئەستۆی خۆیانە ، ئەوسا باجی عاقڵی وزانایی

**خۆیان دەدەنەوەو خۆیان ئاگر لەسەر پشتی خۆیان دەکەنەوە ، تووشی هەرکێشەیەکیش بن ئەوا لەئێستاوە خۆیان مەسئولن ، خوێنەرانیش با گەواهی ئەم قسانە بن و بڕیار بدەن من درۆزنم یان هەندێ کادری حککع و کۆمۆنیزمی کرێکاریی. ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی جەریئن و چەوت نین ، با وەڵامم بدەنەوە ، ئەوسا منیش لەکوردستانەوە و لەڕۆژنامەکانی کوردستانەوە چۆن بمەوێ بەو شێوەیە هەڵیاندەشەپێنم ، ئەمجارە لە ڕۆژنامەکانی کوردستانەوە سەنگەریان لێدەگرم ،کە بەدڵنیاییەوە ، هەندێ ڕۆژنامە بەئاسمانا دەچن بۆ ئەم جۆرە هەواڵانە، هەروەها لەڕۆژنامە عەرەبی و فارسییەکاندا ، سکانداڵەکانیان توێ توێ دەکەم و ونەک هەر جلیان پێوەناهێلم ، توێکڵیشیان لێدەکەمەوەو مەعدەنە ئەسڵەکەیان بەدەر دەخەم.**

**کاک عومەر دەزانی تۆ زۆر چاوقایمی ، دەبووایە هەرکەسێکی تر بهاتایەتە وەڵام ، تۆ نەهاتیتایە گۆ، ئاخر بەچیتەوە . جا ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر تۆ هێنرا لەم حیزبەدا ، بەسەر هەرکەسێکی تردا بهاتایە دەبوایە سەری لووتی خۆی ڕەشبکات و لەڕووی نەهاتایە جارێکی تر بێتەوە ئاوەدانیی. تۆ تەنها یەک ( هین) ت هەبوو ، هینەکەشت لەدەست چوو بەهۆی کەشوهەوای ناسەلیمی فەرهەنگی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە ..،بەڕاستی پێم سەیرە، چۆن جورئەتت کرد،تۆ لەگوێی چیدا خەوتویت و بەفیزیشەوە بەمن دەڵێی درۆزن، دەک ڕووی درۆزن ڕەش بێت ،ئەگەر منم یان خەڵکی تر. دەوەرە خۆت و حیزبەکەشت پێم بڵێن بەچ چاو و ڕوویەکەوە دێن بەمن دەڵێن ئەگەر جەرائەتی شەخسی و سیاسیم هەیە ناوی ئەو کەسە بڵێم؟. باشە من ئەمە بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵم ،ئایا من درۆزنم یان حیزبەکەی تەریقەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی،باشە ئەوە من ناوم هێناو چەند ڕۆژیشە پێم گوتونە فلانە، ئەی ئیتر بۆ باسی درۆزنی من ناکەن، لە پڕێکدا بوومەوە بەڕاستگۆ. باشە هەر لەو قسانەتدا تۆ هەر خۆت ،خۆت بەدرۆخستووەتەوە... برالە ئەوە خەتاب نییە کە بوختان بۆ حیزبە شۆڤینیستەکەت دەکات ، کە حککع دژی دەرکردنی عەرەبەکانی تەعریبن لەکەرکوکدا،ئیتر ئەم درۆودەلەسەیەی بۆچییە، بۆچی چاوشارکێ بەڕستەکانتان دەکەن و دەستەواژەکانتان تەمومژاوی دەکەن ؟.**

**ئەوەتا کاتێ من دەڵێم حککع داکۆکی لەعەرەبی تەعریبکار دەکات ڕێگرە لەبەردەم گەڕانەوەو ڕۆیشتنەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان، پێم دەڵێی درۆزن ، ئێ باشە خوای ڕاستگۆیی ئەوەتا خۆت خۆڵ دەکەیت بەسەر خۆتا و دەڵێی (بەڵام لەگشتیدا،مافی مانەوەو نیشتەجێبوون بۆ هەموو کەس ئەبێت پارێزراو بێت)، ئێ عەرەبی جاهیلی تەعریبکار ناگەڕێنەوە ، کەواتە بە فەلسەفەکەی کک بێت دەبێ بمێننەوە . ئەی ئەمە چی دەگەیەنێ و چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەوەی سی پی ئەی و ناسیۆنالیزمی عەرەب و قەومچییە تۆرانییەکاندا؟ ، مەسەلە نییە و با من درۆزن بم ، خۆناکرێ نکۆڵی لە نووسراوە ڕووزەردو ڕسواکانتان بکەیت لەمەڕ داکۆکیکردن لە عەرەبە دەهەزارییەکان کە کۆمیتەی کەرکوکتان جمەی دێت لە عەرەبی تەعریبکار( ببوورن تەنها 4 کەس و لەتێکن بە گۆڕی مەنسور)!، بۆ کوردێکیش دەچن بە ئاسمانا، دەچن لەسلێمانی و هەولێرەوە قەرزی دەکەن بۆ نووسینگەکەی کەرکوکتان . دەبێت لە حککع ناساغتر هەبێ لە مێژووی شومی تەمەنیدا؟. خەڵکینە من درۆزنم یان ئەم فڕوجە حیزبەی هەر خەریکی خۆگیڤ کردنەوەیە و تا ئێستاش یەک دەنووکی نەوەشاندوەو هەر تێهەڵدراو و ڕاونراو بووە. پێش ڕوخانی بەعس قیڕەقیڕیان دەچووە کەشکەلانی فەلەک و بانگەوازی ڕیفراندۆمیان دەکرد ، هەر بەدوای ڕوخاندنی بەعسدا بەزمانە موتوربەکراوە فارسییەکەی خۆیان قەتعنامەیەکیان دەرکرد و گوتیان بابە زەمان ،زەمانی محەمەدی مەهدییەو ڕیفراندۆم کاتی نەماوەو گۆڤاری ڕیفراندۆمیان بەڕەسمی ڕاوەستان و کەوتنە پیاهەڵدان بە عێراقی مەجدی عەرەبییدا ، زیاتریان ژەنی و گووتیان ، گەلی براینە! چما ستەمی میللی ماوە ؟ تا ئێمە باس لە ڕیفراندۆم بکەین!.**

**باشە سیاسییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ، ئەی ئەم درۆیەتان لەچییە و دووبارە کەوتونەتەوە تەقەی ڕیفراندۆم ، جا بزووتنەوەی ڕاپرسی بەهەموو کەموکوڕییەکیەوە ، بەشەلەشەلیش بێت توانی پتر لەیەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار ئیمزا کۆکاتەوە ،ئایا ئێوە دەتوانن 170 ئیمزا لە دەرەوەی خۆتان کۆبکەنەوە ، کە خۆشتان وا بەرەو ئینقیراز و فەنابوون دەڕۆن و لە 70 کەس، تەنها 70 کەس زیاترتان نەماوە. ئایا جارێکی تر ئەوەی بڕوا بە ئێوە بێنێتەوە بۆ ڕیفراندۆمە ساختەکەتان ، لەئێوە عاقڵتر نییە، تازە ئێوە وەکو مەلەوانە درۆزنەکەتان لێهاتووە ، چەند جار**

هاوارتانکرد کە نزیکە بخنکێن ، خەڵک هات بەفریاتانەوەو گاڵتەتان پێکردن ، ئیتر هەرچەند هاوار بکەن و بشیرێنن، کەس بەلاتانەوە نایات، نا! .

کاک عومەری خەتات، دێت پۆزی ئەوە لێ دەدا بەسەرما کە من ناوچەگەرایەتی دەکەم و دۆی مەشکەم بە ماستاوی کاسە پێ دەفرۆشێتەوە.ئەم کاک عومەرە هەست بەوە ناکا، هەرکەسێ ئەو ڕاستییە نەزانێ و خۆی لێ گێل بکات وەکو ئێوە کوێرەو ڕاستییەکان دەشێوێنی ، شاری سلێمانی لە ڕووی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و هونەری و سیاسیشەوە شارێکە هیچ شارێکی عێراق بە ئەژنۆی ناگات، ئیتر ئەم ماستاوکردنە بەناوی هەولێرییەوە یانی چی!؟ خۆ من خەڵکی سلێمانی نیم ، ناوچەکەم لە ڕەچەڵەکدا سەر بەکەرکوکە،برادەرەکانیشم زۆربەیان هەولێرین، تا بەزمانە بازاڕییەکەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی خۆتان پێم بڵێی ڕاسیست . ئاخر ئەگەر ڕاستگۆن ، لە کۆتایی نەوەدەکاندا حیزبەکەت لەسەرەوە تەعمیمی دەرنەکرد بۆ ڕێکخستنەکانی کە چیتر گاڵتە بەهەولێرییەکان نەکرێ و نوکتەیان لەسەر نەکرێ، پاش ئەوەی کە دەرکەوت چوختییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی سەردەخەنە سەر هەولێرییەکان.ئێوە چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسیتان هەیە ئەمە پیشەی بوو ،ئیتر ئەم بەقاڵییەو ئەم دەبڵ ستانداردییە بۆچی و بۆ کێی دەکەی و کێ بە فلسێکی قەڵب لێتان دەکڕێ؟، ڕەنگە شێوەی دەربڕینەکەی من دروست نەبێ، بەڵام من حەدم نییە، بە شارەکەی عەبدولخالیق مەعروف و عەبدوڵا پەشێو ڕابوێرم ، ئەوە کاری خۆتان بووە برایینە، یەک هەولێریشتان بۆ ناکرێ بەحیزبی بەم هەموو ماستاو سارکردنەوەیەشەوە .

ئەم پیاوە ماقوڵانەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ، ئەوە دوو جارە لەبری ئەوەی بێن گفتوگۆی سیاسیی بکەن و ڕەخنەی سیاسیی بە دایەلۆگی سیاسیی وەڵام بدەنەوە، کەچی بەداخەوە هەموو سیستەمی بیرکردنەوەیان دەشێوێ و دەکەونە حاڵەتێکی جنونە و پەنا بۆ سوکایەتی و شتی تایبەت دەبەن و لەم دەروازەیەوە دەیانەوێ دەمکوتم بکەن.هەر کەڕەخنەیان لێ دەگیردرێ ،بە قەولی شەریفی خۆیان،تووشی هیستریا دەبن و دەکەونە قسەفڕێدان، چونکە لەناخەوە زەعیفن و هەمیشە نەزاکەتیان لێ دەبارێ . من بڕیارم داوە کە ئەمانە چونکە زمانی فیکرو سیاسەت ومەعریفە نازانن ، یان کاریان پێی نییە،ئەوا منیش بەزمانێک قسەیان لەگەڵ بکەم ،کە بەردڵیان بگرێ. بە من دەڵێن بەعسیی ، جا خۆ بوختان زۆر ئاسانە ، ئێوە بە ئیرەج و ڕەزای موقەدەمیشتان دەگووت خاتەمی چییەکان. بەمن دەڵێن فاشیست ، تەنها لەبەر ئەوەی پێم گووتوونە دیفاع لەشۆڤینیزمی عەرەب دەکەن،گوتوومە عەرەب شایانی ئەوەنین لە عێراقدا بژی لەگەڵیانا،ئەمانە بەئاشکرا درۆی شاخدار دەکەن ، دەیانەوێ بە خوێنەر بسەلمێنن کە من بانگەشەی شەڕی نەتەوەکانم کردووە. ئەمانە بەئاشکرا درۆ دەکەن بەدەممەوە کە خۆم لەژیاندا ماوم ، چاوپێکەوتنەکە وەکو خۆی ماوە، ئەمانە ئەو مافەشم پێ ڕەوا نابینن بڵێم عەرەب نەتەوەیەکی دواکەوتووە، نەتەوەیەکە ئاینی ئیسلام خەساندوویەتی و تاساندوویەتی ، بەڵێ دووبارەی دەکەمەوە ، دواکەوتووترین نەتەوە لەدنیادا عەرەبە، مەسەلەکەش تەنها ئایینەکەیە تەوقی عەقڵی عەرەبیی کردووە. دە بڕۆن بزانن فاشیست یانی چی ئەوسا بەخەڵک بڵێن فاشیی، بە حیکمەتیزم لەسەر نیوەتان نازانن جیاوازی چییە لە نێوان نازی و فاشیدا، ئاخر بەیەکێ بڵێن کەنەتانناسێ چەندێ زانستی سیاسیتان هەیە. سەرەڕای ئەوانە ئاخۆ ئێوە خۆتان چین؟ تا خەڵک بە تەفسیری ئێوە شت وەربگرێ، ئێوە بڵێن ماست سپییە، لەسەر قۆڵێکم تەنها دە کەس لەکوردستاندا ناڵێ سپییە. ڕاپرسییەکەی کوردستاننێت باشترین گەواهی ئەو ڕاستییەن کە ئێوە کێن لە کەرکوکدا، شێتێک جەماوەری زیاترە لەئێوە لە کەرکوکدا . بەمن دەڵێن ڕاسیست لەبەرئەوەی دەڵێم عەرەب هەرگیز عاقڵ نابن، من زۆر شانازی بەوەوە دەکەم کە لەپێناوی ڕزگاریی یەکجاریی لەدەست عێراقی عروبە، داکۆکی لە کوردو لە بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکەی دەکەم . بەمن دەڵێن درۆزن لەبەر ئەوەی دەڵێم کادرتان هەیە نوێژ دەکات. بەڵام پەتی درۆ زۆر کورتە،ئەوەتا چونکە پێتانمگوت کێیە ،بزانە باسی دەکەن، بزانە چۆن خۆتانی لێ دەدزنەوە.

فەرموون من و ئێوەو خوێنەر کێ درۆزنەو کێ بەعسییەو کێ فاشیستەو کێ ڕاسیستەو کێ دژی کورد و بزوتنەوەر ڕزگاریخوازی نیشتمانییە؟

ئەم خاڵانە مشتێکی کەمە لە خەرواری پۆخڵەواتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی و ئەمجارە تەنها یەک دەرزەنی بچووکیان لێ باسدەکەم، ئەمنستی ئینتەرناشناڵ کتێبێکی دەرکرد لە سەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن یەکێتی و پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامییەوە، ئایا ئەم هەموو پێشێلکارییەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حیزبێک و کادرە باڵاکانی دەیکات ، هەمووی پێشێلکاری نییە دەرهەق بەمرۆڤایەتی و شایانی ئەوە نییە بکرێ بە نامیلکەیەک . من پەنجە دەکەم بەچاوی هەموو ئەوانەدا کە دەیەوێ ئەمانە تا سەر بشارێتەوە ، بەبیانووی ئەوەی کە ئەمانە کەیسی تایبەتن و کاری تایبەتی ئینسانەکانە، لێدان لەمنداڵ و کوتەککاری ژن و دزی و چەتەیی و درۆ و کڵاولەسەرنان وقۆڵبڕین ڕاپۆرتدان و ملشکاندنی خەڵکی تر ، هێنانی 5 ژن و هەڵگێڕانەوەی چەندین ژن لە مێردەکانیان کە برادەری گیانی بەگیانی بوونە و دواتر جیابوونەوەی لێیان و گەڕان بەدوای چڵێسی تردا .... ،هەموو ئەمانە تەنها بۆ دامرکاندنەوە شەهەواتی سەرکردەیەکی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئەگەر بە بیانووی کەیسی تایبەت و فایلی تایبەتەوە دیزە بەدەرخۆنە بکرێن ، خیانەتە بۆ هەموو ئەو چەپەی ئاگای لەم فڕوفێڵ و ساختەکاری و درۆیانە هەیەو ، باسی نەکردووە، لەپێش هەموویاندا خۆم ،ناکرێ بەناوی کۆمۆنیزمەوە چیتر کڵاو بکەیتە سەر خەڵکی کوردستان، ئەمانە شتی تایبەت نین ، ئەمانە مافی گشتیین ، ئەگەر کەسێک لە لیبراڵیزمی ڕۆژئاواییدا ، فەلتەیەکی ئاوا بکات ، لەڕووی نایات باسی سیاسەت هەر بکات، ئەگەر لەسیاسەتیشدا کەشف بوو، ئەو واز دەهێنێ، بۆیە ئەمانە بەشتی شەخسی نابینمەوەو ئەوەی بەو شێوەیەش بیربکاتەوە ئەوە زوعفی هەیەو دەیەوێ بە بیانووی ژیانی تایبەتەوە ، دزی و چەتەیی و لێدانی ژن و منداڵ و فەسادی سیاسیی و ئیداری و دەستگرتن بەسەر ئیرادەی پەنابەر لەئەوروپاو تورکیا و...... بشارێنەوە. ئەمانە دەبێ کەشفبکرێن ، گەورەترین قازانج بۆ چەپی ڕاستگۆی کوردستان دەگەڕێتەوە، ئیعتیبار بۆ کۆمۆنیزم دەگەڕێتەوە، ئەوە مۆدێلێکی فاشیلە،تەحریفترین جۆری کۆمۆنیزمە کە مێژوو بەخۆیەوە بینیویەتی و ،کە ڕسواش دەبێ شتێک بە ناوی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە ڕسوا دەبێ و هیچی تر .

یەک دەرزەن لە پۆخڵەواتەکان:

1_ئێوە ئەندامی مەکتەبی سیاسیتان هەیە ، زمانی چوار بست درێژە، کەچی بۆ ژنهێنان دوو هەزار دۆلار شیربایی دا بەکەسوکاری ژنەکە. ئەم شیربایییە لە ناو دواکەوتووترین توێژی کۆمەڵی کوردستاندا بەرەو فەنابوون دەچێ ، کەچی لای ئەم ئوستادی عەلمانی و مارکسیستە کرچوکاڵانە هەر برەوی هەیە.
2- چەندین مەکتەبی سیاسیتان هەیە دزی کردووە ( لەوەندەدا دەوەستم ) خۆتان باش دەزانن چی دەڵێم و باش دەزانن کوێتان ژان دەکات!و دەستی خۆتان باش دەخوێننەوەو دەشزانن چ کارەساتێکتان بۆ دەخوڵقێ .

3_ کادرتان هەیە ، هەموو سەروگوێلاکی ژنەکەی شکاندووە، ناوشانی ژنەکەی شین ومۆر کردوەتەوە،ئەم پیاوە کۆمۆنیستە فایلی فەلاقەکردنی ژنەکەی مەوجودەو لە پۆلیسی وڵاتەکەی لێی نیشتەجێیە دۆسییەی هەیەو بە ئێرانییە حەیاتەکە پەروەندەی هەیە ،کەچی ئەوەندە چاوقایمن ئەم قەوانە بەکەسانی نەیاری خۆتان دەفرۆشنەوە و لەڕووشتان دێت باسی دیفاع لە مافەکانی ژنان بکەن.

4- ئێوە پێنج کوڕی زەحمەتکێش و بەدبەختتان بەدەستی پیاوەکانی نەوشیروانی دیلکوژ بەکوشتدا ، کەچی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ئەم حیزبە جەبانە لە بەردەم ئەم دیلکوژەدا کە پێیانی گووت قۆندەرە دەخەمە دەمتانەوە ، نقەیان لێوە نەهات ، ئەم پیاوە فس فس پاڵەوانانە هەموویان لەژیاندا ماون، ئینسان کە جەبان بوو ، ببێتە هەرچییەک ، لای من قالۆرێک زیاتر نییە.

5- کادرتان هەیە لەڕێگەی قاچاغیی یۆنان ، سورەتی فاتیحە و ئایەتلکورسی خوێندوەو ئێستاش خەریکی دەمدرێژی و گەڕەلاوژێی کۆمۆنیزمی کرێکارییە لەئەوروپا. بەگەواهی 5 کەس کە لەگەڵیدا بووەو هەر پێنجیان لەژیاندا ماون.

6_ کادرتان هەیە ، خوشکەکەی خۆی بەپارە فرۆشتوە بە پیاوێک کە ژنی تری هەبووە کۆشێ منالی تری هەبووەو شیربابییەکەشی نۆشی گیان کراوە. بەگەواهی و زانیاری دەیان هەزار کەس .

7_چەندین ئەندامی قوربەسەرتان هەیە لە ئەوروپاو تورکیا لە بەر ئەوەی بەهۆی درۆی حیزبەکەتانەوە لە یوئێن یان ئەو ولاتەی لێیەتی قبوڵ ببێت ، لەترسی ئەوەی کەیسەکەی هەڵنەوەشێننەوە و ڕاپۆرتی پێچەوانەی کەیسەکەی لێ نەدەن و پاشقولی لێ نەدەن ، بەناچاری و مەلوولی لە دەوری حیزبەکەتان ماوەتەوە... ئافەرین حیزب بەم شێوەیە ئەندام ڕابگری کە قەناعەتی بە سیاسەتەکانی حیزب نەبێ.
8- مەکتەبی سیاسیتان هەیە ،بەپارەی براکەی سەرمایەیەکی باشی پێکەوە ناوەو ،چەندین پرۆژە بۆ براکەی سەرپەرشتی دەکات لەکوردستاندا، لەکاتێکدا ئەو برایە کە قاچاغچی بووە لەیۆنان، دەستدرێژی کردووەتە سەر دەیان ئافرەت و دواتریش کردوویەتی بەخۆراکی مافیاکانی لەناو بەلەم و شوقە نووتەکەکانی ئیستەنبوڵ و یۆناندا و دەیان ژن وپیاوی دەستبەسەرکردووەو (سێکس و نان )ی بەزۆر لێخواردوون .

9- ژنتان هەبووە ،30 ڕۆژەی مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بووە بەس لەبەر ئەوەی لەشولاری ئالۆشاوی بووە،کردووتانە بەحیزبی و بە مەسئولیش؟ ئەویش بۆ ئەوەی قبوڵ ببێ و بگات بە ئامانجی خۆی ئەو چاوشارکێیەی قبوڵ بووە ؟.

10- ئێوە باس لە سێکسی ئازاد دەکەن، بەڵام ئەم پەتایە بەشێوەیەکی ئەوەندە خراپ تەرجومەتان کرد، کار گەیشتووە بەوەی زۆربەتان دڵتان لەیەکتری پیس بێت و بکەونە پاسکردنی ناموسەکانتان! و داوڵی ئەخلاقیی هەڵبدەن، پیاوتان هەیە خۆی ڕەتاندووەو هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پچڕاندووەو خەریکی پاسی ناموسە.

11- پیاوتان هەیە دەستریژی سێکسی کردووەتە سەر ژن ، بەڵام حیزب نەیوێراوە دووری بخاتەوە لەبەر ئەوەی هەڕەشەی ئەوەتانی لێکردووە ئەگەر ئەندامێتی لێوەرگرنەوە، هەموو سکاندالەکانتان دەڵێت و لەهیچ ناگەڕێتەوە.

12- چەندین کەس هەیە لە یوئێنی تورکیا قبوڵ بووە، پاشتر بە ڕاپۆرتی کادرەکانی حیزب و ڕێکخراوە سەروپێکانی حیزب قبولی لێ سەندراوەتەوەو هەندێکیان بەقاچاغ ڕۆیشتوونەو لە ڕێگادا تیاچوونەو چەندین کەسیان لە ئەوروپا لەژیاندا ماون.

ئەم دوانزە خاڵە، خاڵی وەهمی نین و هەموو ناوەکانیان ، شوێن و وڵاتیان زانراوەو ،ناوی نهێنی و ساختەیان ، ناوی ئەوانەش کە گەواهی دەدەن ئامادەن،ناوی زۆربەی قوربانییەکانی دەستی ئەو کارەساتانەو ئەوانەی بەچاوی خۆیان بینیویانە ، جا ئەوە من و ئەوەش ئێوە ، فەرموون پێم بڵێن درۆ دەکەی ، تا منیش بۆتانی ساغبکەمەوە کە ڕاستگۆم یان درۆزن.

من دەمەوێ کۆمۆنیزمی کرێکاریی ، فێری ئەخلاقی نووسین بکەم و کەلتووری بەعس لە مێشکیاندا دەرکەم، ئەم سەقەتییەی دەستیان داوەتێ ، زەرەری بۆیان زیاترە تا قازانج ،دەمەوێ تۆزێ بیانهێنمەوە سەرخۆیان و ناوەڕۆکی خۆیان بناسن. دەمەوێ پێیان بڵێم ، ژیان وا لەدەرەوەی خەڵوەتگاکەی ئێوەدایەو ، ئێوە دابڕاون و لە هەسارەیەکی تردا دەژین. دیارە بەڕاستی زۆر بە ئەنقەستیش بەم زمانە توندوتیژە لەسەریان دەنووسم، چونکە ئەمانە تا توند نەبی لەگەڵیاندا بەهۆشی خۆیان نایەنەوە.مەسەلە ئیستیفیزازکردن نییە، مەسەلە ئەوەیە دەمەوێ دوو ڕێگایان بۆ دابنێم یان بەجەرائەتەوە داوای لێبوردن بکەن ، یان بەجەرائەتەوە قۆڵی لێ هەڵماڵن بڵێن وانییە؟!!!!. ئەم دوانزە خاڵەی باسم کردووە، گۆشەیەکی بچووک لە پۆخڵەواتی کۆمۆنیزمی کرێکارییە ،درێژەی ئەم شانۆگەرییە گاڵتەجاڕییەو ئەم فڕکان فڕکانە بەندە بە ئازایەتی و ڕاستگۆیی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە، جۆرێک لە کۆمۆنیزم کە هەموو مێژووی بەرەنگاربوونەوەی چەپی کوردستانی بردووەتە ژێر پرسیارەوە؟ .

ئەگەر یەک زەڕە شەهامەتیان تیابێت و بەڕەسمی داوای لێبوردن بەنووسین بلاوبکەنەوەو لەو ناماقوڵیانەی کە حیزب کردوویەتی و عومەری خەتات کراوە بە قەڵغان تیایدا ،ئەوا من دەیانبەخشم و ئەم بابەتەش کۆتایی پێ دێنم، هەرچەندە پێم وایە ئەمانە ئامادەن حیزبەکەیان بکەن بەقوربانیی ،بەڵام داوای لێبوردن نەکەن ، چونکە ئەوەندە چریکیی و ناواقیعین ، ئەوەندە لە تەوەهومات و سەرگەردانیدا دەژین . هاوکاتیش ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی یەک زەڕە ئیعتیبار بۆ قسەی عومەری خەتات و ئەندامەکانی دادەنێت، ،ئەوا با بێتە وەڵام و بەڕەسمی بچێتە پشت قسەکانی کاک عومەرەوە کە بەمنیان گوت ئەگەر جەرائەتم هەبێ ئەوە ناوەکەی دەڵێم ، دەباشە ئەوە من ناوەکەیم گوت ،ئێستاش بفڕێ هەر بزنە، ئەگەر بێت و ئەم بزنە هەر بفڕێ ، منیش لە زنجیرەی داهاتوودا، لە دەرزەنە لەبن نەهاتووەکانی داهاتوودا ناوی هەموو ئەمانەی مەبەستمە لەو دوانزە خاڵەداو لەدەرزەنەکانی تردا ئاشکرا دەکەم و سەرەتای ئەم شەڕەتان لەگەڵدا دەست پێ بکەم ، ئەگەریش ئازابن داوی لێبوردن بکەن ، ئەوا لەبەر پاراستنی شتی تایبەتی زۆر هەستیارتان ، خاترتان بێت و دەتانبەخشم، بەڵام بەو مەرجەی هەتا ژیانتان ماوە یەک پیاوی جەریئتان ،پەنا بۆسوکایەتی کردنم نەبات و قسەی بازاڕی و ناسیاسیی نەکات، ئەگەر لەخۆتان ڕابینی وەڵام بدەنەوە بە هەردوو دیوەکەدا ، ئەوا مەسئولیەتی ئەم شەڕەتان دەکەوێتە ئەستۆو خۆتان بەرپرسن لە ئاکامە خراپەکانی،ئەگەر بێ دەنگیش بن ئەوا سەری خۆتان کز بکەن دانیشن و دەست بەکڵاوی خۆتانەوە بگرن باشترە،بەڵام بەداوای لێبوردنەوە لە قسەکانی عومەر ، بۆ بێ دەنگیش ناڵێم هەر بێ دەنگ بن ، وەڵامی ڕەخنە بدەنەوە بەڵام قسەی سیاسیی بکەن ، نەک قسەی ناسیاسیی و بازاڕیی


تەلەفۆن
0061411328832


### کوردستانی نوێ ،ژمارە 3418،13-07-2004 ، لا 1
*** Zeller, outlines of the history of Greek philosophy, p110